یەلدا عەباسی:

# هەمیشە شوێنی کوردی خوراسان لە بۆنە و فیستیڤاڵەکانی هەرێمی کوردستان بەتاڵ بووە



خاوەن بەهرەیەکی زۆری هونەرییە و لە کاتی ژەنینی ئامێری دووتاردا ئاوێتەی هونەر و موزیك دەبێت و سیمفۆنیایەکی جوان لە هونەری رەسەنی دەڤەری خوراسان پێشکەش دەکات کە هەوڵێکە بۆ زیندووکردنەوەی هونەری رەسەنی کوردی خوراسان، سەرەڕای بچووکی تەمەنی، بەڵام هەست دەکرێ کە توانا و بەهرەکانی و خولیای بۆ بەرز راگرتنی هونەرەکەی زۆر لە تەمەنەکەی گەورەترن .

یەلدا عەباسی لە ساڵی ١٩٨٧ لە شاری شیروان لە دایکبووە و لە شاری قووچان دەستی بە خوێندن کردووە تا بڕوانامەی بەکالۆریۆسی لە تەکنۆلۆژیای زانیاری بەدەست بهێنێت، کاتێکیش دەستی داوەتە گۆرانی وتن، بە زیندووکردنەوەی موزیکی رەسەنی باکووری خوراسان دەستی پێکردووە، یەلدا کە لە تەمەنێکی بچووکدایە و بە گەنجترین ژەنیارەکانی ئامێری دووتار دادەنرێت و چەندین جار لە پێشبڕکێیە جۆراوجۆرەکاندا پلەی یەکەمی بەدەستهێناوە لەوانە لە فیستیڤاڵی خوراسان و لە هەمان کاتدا گۆرانیبێژیشە، لە ساڵی ٢٠٠٨دا یەلدا بەشداری لە فیلمێکی دۆکیومێنتاریدا کرد بەناوی «تەرەقە» کە لە دەرهێنانی محەمەد حەسەنە و ٦ خەڵاتی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی بەدەستهێناوە لەوانە خەڵاتی (فەیروز) و(سینەمای حەقیقەت)، بەڵام تا ئێستا نەیتوانیوە رەزامەندی وەربگرێت بۆ بڵاوکردنەوەی یەکەم ئەلبوومی گۆرانی خۆی، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاڕاستەی کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە.







* پەیوەندی کوردی خوراسان بە هونەرەوە چۆنە؟

- هونەر تێکەڵە بە ژیانی کوردی خوراسان و بووەتە بەشێك لە پێکهاتەی ژیانیان، لە بەیانییەوە تا شەو کورد بە هونەرەوە ژیانیان بەردەوام دەکەن، لە وتنەوەی ئاوازەکانی مۆسیقا لەژێر لێوەوە تا دەگاتە چنین و نەخشاندنی وێنەکانی سەر فەرش و کەرەستەی دەستی، تەنانەت لایە لایەی دایك و هاواری باوکان، هەموویان هونەری تایبەتی کوردانی خووراسانن، لێرە ژیان بەبێ هونەر هیچ واتایەکی نییە، ئەوان لەگەڵ ئەم هونەرە بەجۆرێك تێکەڵن وەك چۆن ئەستێرەکان لە ئاسمان دەدرەوشێنەوە بە هەمان شێوەن.

* هونەری کوردی لە خوراسان و هونەری فارسی تا چەند لە یەکترییەوە نزیکن؟

-ئەم دوو هونەرە بە یەکەوە گرێ نەدراون، لەرووی رەسەنایەتییەوە بە تەواوەتی جیاوازن، هونەر لە لایەن فارسەکان لە خوراسانەوە زیاتر پیشەی دەستی و بەرگدرووییە، بە هۆی ئەوەی ئەم دوو هونەرە لە یەکەوە دوورن، شێوازی دورمانی جلوبەرگی کوردییش لە یەکتر دوورن، لەوانەیە کاریگەریی بچووکیان لەسەر یەکتری هەبێت بەهۆی نزیکی جوگرافی نێوانیان.

* ئەی هونەری کوردی بە گشتی چ پێوەندییەکی لەگەڵ هونەری ئێرانییەوە هەیە؟

- لە تەواوی دنیا هونەر هۆکاری رەسەنایەتی و بڕوابوونی نەتەوەیی بووە، لە باکووری خوراسان بە هۆی فرە نەتەوەیی، هونەر هەمیشە رووی جیاوازی نەتەوەکان نیشان دەدات، جیاکردنەوەی هونەر لەگەڵ دابونەریت و کەلتور کارێکی ئەستەمە، چونکە هونەر کاریگەری راستەوخۆی لەسەر دابونەریتەکان هەیە، لە باکووری خوراسان کورد هونەرێکی تایبەت بە خۆی هەیە بە هۆی بوونی فەرهەنگێکی دەوڵەمەند، کاریگەری لەسەر هونەری نەتەوەکانی دیکە هەبووە و بەسەریاندا زاڵ بووە.

* چۆن توانیوتانە فەرهەنگ و کەلتووری خۆتان بپارێزن؟

- ماوەیەك، بەتایبەت دوای جەنگ کەلتووری ئێمە رووبەڕووی قەیرانێکی گەورە بووینەوە، لەدوای سالآنی ٢٠٠٠ بە هۆکاری پەیوەندی بە هێزی نێوان نەتەوەکانی خوراسان ئەو باوەڕەیان بۆ درووست بوو کە پێویستە بگەڕێنەوە سەر کەلتووری دەوڵەمەندی خۆیان و بیپارێزن.

* وەك کوردانی خوراسان تا چەند ئاگاداری پێشکەوتنەکانی هونەرن لە باشووری کوردستان؟

- لەبەر ئەوەی سەردانی کوردستانم نەکردووە، زانیاریی تەواوم نییە، چونکە لە خوراسان مەودای پێشکەوتنی هونەر بۆ ئافرەتان داخراوە.

* ئێوە زیاتر چ ئامێرێك بەکار دەهێنن؟

- هەر لە منداڵییەوە ئامێری دووتارم بەکارهێناوەو هەر لەسەر دووتار بەردەوام دەبم، بەڵام لەم ماوەیە بۆ تەواوکردنی خوێندنی موزیك پیانۆش دەژەنم.

* بۆچی دووتارت هەڵبژارد؟

- بەگوێرەی مێژوو دووتار پێشینەی چەند هەزار ساڵەی

هەیە و دەتوانین بە دایکی تەنبوورو سێتاری دابنێین.لەبەر ئەوەی هەر لە منداڵییەوە گوێم بەم موزیکە ئاشنا بووە و بەشێك بووە لە ژیانم، دەنگی دووتار بەشێك بووە لە گێڕانەوەی مێژووی کەلتووری نایاب و دێرین، چونکە ئەمە لە خێزانەکەمان لە ڕێگای دایکمەوە پارێزراو بووە، منیش وەکو دایکم بڕوام بەم ڕێچکەیە هەبوو، دووتارم بە ئامێرێکی ڕەسەن زانیوە و هەڵمبژاردووە.

* بەشداریت لە هیچ گرووپێکی موزیکیدا کردووە؟

- بەڵێ من پێشتر هاوکاری گرووپی (گرایلی قوچان) کردووە یەکەم ئەزموونی کاری هونەریم لە تەمەنی هەرزەکاریدا بووە.

* هونەری کوردی لە خوراسان زیاتر گوزارشت لە چی دەکات؟

-زیاتر گوزارشت لە شێوازی ژیانی ئەوان دەکات لە سەرەتای هاتنیان بۆ خوراسان و کە شێوازی کۆچبەری بووە، هونەرەکەیان دەوڵەمەندە بەهۆی ئەو هەوراز و نشێوەی لە ژیانیاندا بینیویانە.

* ئەو گرفتانەی دێنە سەر ڕێگای هونەرمەندانی خوراسان چین؟

- هەر کارێکی لە ژیاندا گرفتی تایبەتی و جۆراوجۆری خۆی هەیە، بەتایبەتی لە بواری موزیکدا و و لەسەرووی ئەوانیشەوە موزیکی ئافرەتان گرفتیان زیاترە.

* بۆچی تا ئێستا سەردانی باشووری کوردستانت نەکردووە؟

- لەبەر ئەوەی من و گرووپەکەم داوەتی ڕەسمیمان بۆ نەهاتووە.

* کوردی خوراسان چەند سوودیان لە هونەری دیکە وەرگرتووە؟

- وەك پێشتر وتم کاریگەری هونەری ناوچەکانی ئینکاری لێناکرێ، بەتایبەت کوردەی خوراسان کە ئیمڕۆ لە هونەری دەوڵەمەندی ناوچەکانی دیکە سوودمەند بوون.

* هیوات بۆ هونەر چییە؟

- بە پشتیوانیی دایکم و ئەو کەسانەی کە هاندەرم بوون، هەوڵ دەدەم بگەم بە بەرزترین ئاستەکانی هونەر و موزیك.

* ئێوە هونەرێکی ڕەسەن پێشکەش دەکەن کە گوزارشت لە ڕەسەنایەتیی هونەری کوردانی خوراسان دەکات، بەڵام بۆچی تا ئێستا سەردانی کوردستانتان نەکردووە؟

-دیارە لە ساڵانی ڕابردوو چەندین فیستیڤاڵی هونەری و کۆنسێرت لە هەرێمی کوردستان ساز کراوە و لە هەموویشیان شوێنی هونەری کوردی خوراسان بەتاڵ بووە، ئەمەش لەبەر ئەوەی کەس بانگهێشتی ئێمەی نەکردووە، بەڵام هەر کاتێك ئێمە بانگهێشت بکرێین بە خۆشحاڵییەوە بەشداری دەکەین، چونکە لە دڵەوە حەز دەکەم بە جەماوەری خۆمان لە هەرێمی کوردستان شاد بم.

* چی بە جەماوەری خۆت دەڵێیت ؟

- من ماوەیەکی زۆرە کاری هونەری ئەنجام دەدەم، بەڵام هیچیان بۆ نەکردووم لە کاتێکدا هەمیشە چاوەڕێی ئەوەم دەکرد پشتیوانیم بکەن وەك کچە کوردێك، چونکە ویستوومە دەنگی نەتەوەکەم بە دنیا بگەیەنم، لەگەڵ ئەم هەموو ئەمانەشدا ئێستاش سوپاسی هاوزمانەکانم دەکەم کە کەم، یان زۆر پشتیوانییان کردم و هیوادارم بتوانم ئەرکی خۆم بە سەرکەوتوویی بە ئەنجام بگەیەنم، هیوای سەرکەوتن بۆ هەموو لایەك دەخوازم کە بە سەربەستی لەو بارودۆخە ئاڵۆزەدا سەرکەون و کۆتایی بە جەنگ و خوێنڕشتن بێت لە سەرتاسەری جیهان و میللەتان بە ئاشتی بژین.

